ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ZAGROS WEBSITE

# ژمارەیەك ئاساری مۆزەخانەی هەولێر دەدزرێن

## هەواڵێك و تەعلیقێك

فاضل قەرەداغی



شەوی ٢٧/٢٦ ی مانگی كانوونی یەكەم ٢٠٠٤ هەندێك ئاساری مۆزەخانەی هەولێر كە كەوتۆتە سەر شەقامی منتكاوە كە شەقامێكی سەرەكییەو ناوشاری هەولێر بەرێگەی هەولێر-كەركووك دەبەستێتەوە دزران، دوا بەدوای ئەوەش سێ كەسی مۆزەخانەكە دەستگیر كران. دزییەكە دەگەڕێنرێتەوە بۆ كەمیی پاسەوان. شایەنی باسە مۆزەخانەی هەولێر مۆزەخانەیەكی بچووكەو لەبەر بێ شوێنی ژمارەیەك پەیكەر لەحەوشەكە لەبەردەم دەرازەی مۆزەخانەكە بەبێبایەخی فڕێدراون و هەندێكیان بە پشتدا كەوتوون. ئەوەشی جێگی داخە ئەوەیە دەسەڵات لە هەولێر سەدان هەزار دۆلار سەرف دەكات بۆ یادە حزبییەكان و كۆنگرە بێسوودەكان، جگە لە مەسرەفی بێئەندازە بۆ خۆشگوزەرانیی بەرپرسان و بەتایبەت چینی بەگزادە نوێكان، پارە زۆرە بۆ خانووە فیرعەونییەكان و بۆ نوێترین مۆدێلی سەیارە، بەڵام دەسەڵات ئەهەمیەتی مۆزەخانە نازانێت چونكە ئەو شتانەی تێیدا هەن كۆنترن لەسەردەمی چینی بەگزادەی نوێ بۆیە هەرچەندە پارەیەكی بێشومارەی لەبەر دەستدا هەبوو بیری لەوە



نەكردبووەوە بینایەكی گەورەی بۆ تەرخان بكات یان هەوڵ بدات بە دابین كردنی ئاسار لەرێگەی پشكنین لە شوێنەوارەكان كە پڕی هەموو كوردستانن، یان بەلای كەمەوە دامەزراندنی پاسەوان بەژمارەی پێویست لەكاتێكدا دەزگا حزبییەكان بە هەزاران كەس دامەزراون، بەتایبەتیش دەزگا ئیعلامییەكان كە یەكەم ئەركیان شكۆمەندكردنی دەسەڵاتە.

ئەم هاوێنەش كاتێك سەرم لە مۆزەخانەكە دا بۆ پێشكەشكرنی نوسخەیەكی كتێبی نوێم (مێژووی دێرینی كوردستان) لە فەرمانبەرێكی مۆزەخانەكەم پرسی لەبارەی شوێنی دەستكەوتنی ئەو پێكەرانە. بەپێی زانیارییەكانی خۆشم وتم لەوە دەچێت نزیك رەواندز دۆزرابنەوە، لە ناوچەی رەواندزیش

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس





شوێنێك هەیە پێی دەوترێت (مجێسر) كە ژمارەیەك پەیكەری تێدا دۆزرانەوەو دوو پەیكەر لەمانە ئێستا لە مۆزەخانەی سلێمانیدان بۆیە ویستم شوێنی دۆزینەوەیان بزانم بەڵام ئەو بەڕێزە نەیتوانی وەڵامێكم بداتەوە كە لێی تێبگەم، منیش چەند وێنەیەكی ئەو پەیكەرە بێنازانەم گرت بۆ بابەتێك كە لەبەرگی دووەم كتێبەكەمدا هەیەو لەبارەی شاری (موصاصیر)ە كە زۆر موحتەمەلە ناوی كۆنی (مجێسر)ەو لەبارەی پادشایەكی ئەو شارە كە ناوی (ئورزانا)یە كە ساڵی ٧١٤ ی پێش زاین شارەكەی لەلایەن سارگۆنی دووەمی پادشای ئاشورییەوە گیراو ئەو شارە مەڵبەندی پەرستنی (خالدیا) بوو كە خوداوەندی گەورەی وڵاتی ئورارتو (كوردستانی باكوورو ئەرمینیا) بوو. وێنەكانم بۆ كتێبەكە گرت و دەسەڵاتی هەولێرو یادە حزبییەكانیان و خانووە بەرزەكانیان و سەیارەی تایە پانیانم بیركەوتەوەو بۆ جاری هەزارم بۆم دەركەوت كە ئەو كوردایەتییە دەسەڵاتی كوردی باسی دەكات تەنها قسەیەو تەنها دروشم حسابەو باقییەكەی فشەیە.

ZAGROS WEBSITE